مافی یەکسانی ژن لەنێو کورد دا

بەپێی نوسراو و کتێبە کۆنەکان لەناوکوردەکاندا، ژنان لەبواری کۆمەڵایەتی لەگەڵ پیاوان یەکسان بوون . لەسەردەمی ئیسلامدا ، ژنانی کورد وەکوو موسوڵمانانی تر، پەچە و چارشێویان بەسەرەوە نەبووە ولەبواری کۆمەڵایەتییەوە لەپیاوان جیاواز نەبوون. جگە لە تاقمێکی زۆر کەم لە ئاغاوات و فیودالەکان، پیاوانی کورد تەنیا ژنێکیان هێناوە.

تاقمێک لەنووسەرانی کورد بۆسەلماندنی ئەم ڕاستیە کە ژنان و پیاوان یەکسان بوون ئاماژە دەکەنە سەر ئەوەی کەبەشێکی زۆر لەژنانی کورد سەرۆک عەشیرەو سەرکردە بوون و ئەوە بۆ خۆی باشترین بەڵگەوشایەتە و لە ئاسیای ناوەڕاستدا کورد لەم بوارە گەلێ لەپێشتر بووە . ئەوەی کەژنانلەکۆمەڵی کوردەواریدا لەمافی یەکسانی بەشداربوون و دواتر بەهاتنی ئیسلام یاحکوومەتەکانی ئیمپراتۆری ناوەندی ئێران و عوسمانی لەدەستیان داوە تایبەتە بەچەندکەسێک لە ناسیۆ نالیستە کوردەکان .زیا گووکالپ(Ziya Gokalp) لەپێشڕەوانیقوتابخانەی ناسیۆنالیزمی تورک (هەرچەند دوور نیە کە خۆی بەڕەچەڵەک کورد بێت)،وەها بۆچوونێکی هاوشێوەی سەبارەت بەعەشیرەتە ڕەسەنەکانی تورک هەبوو.

مووسا عەنتەر(Musa Anter) لە نووسەرانی ناسیۆنالیستی کورد، لە کورتە بابەتێکی خۆی لەژێر ناوی(پێگە و جێگەی ژنان لە مێژووی کورد دا) سووربوونی خۆی لەسەر پێگە و جێگەی یەکسانیژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەردەبڕێت، عەنتەر لەیەکەم بەشی نوسراوەکەیدا ئاواینووسیوە" بە پشت بەستن بە کتێبە کۆنەکان بۆمان دەردەکەوێت کە لەناو کوردەکاندا ژنانلە بواری کۆمەڵایەتی لەگەڵ پیاوان یەکسان بوون، ئەو لە درێژەدا دەنووسێ"لەسەردەمیئیسلامدا ژنانی کورد وەکوو موسوڵمانانی دیکە نە پەچە و ڕوبەندیان هەبووە و نە لەبواری کۆمەڵایەتیش لە پیاوان جیا بوون، جێگەی باسە کە جگە لە تاقمێکی کەم لە ئاغاوات و ئەریستۆ کرات و فیئۆدالەکان، پیاوانی کورد تەنیا یەک ژنیان هەبووە، کاتێڕوودانی شەڕ لەنێوان دوو عەشیرەت یان دوو حاکم، ژنانی هەردوو عەشیرەت بە تەواوەتیتوانای ئەوەیان هەبووە کە چەک و تەقەمەنی و ئیمکانات بگەیەننە پیاوانی شەڕکەریخۆیان.، بێ ئەوەی کە کەسێک ئامانجی ڕاگرتن، پێش گرتن، یا هێرش کردنە سەر ئەوانیهەبێت. دێکۆمێنتیترین و پڕ بایەخترین هۆ و بەڵگە بۆ پلە و پایەی یەکسانی ژنان، کەعەنتەر بیری لێ دەکاتەوە بوونی ژنان بە حاکمی هۆزەکانی کوردە. ئەو بە ئاماژە کردنبەچەند کەسێک سەرەتا باس لە عادیلە خانمی هەڵەبجەیی دەکا و پاشان باس لە ژنانیناوداری دەور و پشتی ناوچەی خۆی (ماردینی تورکیا) دەکا، ڕەنگبێ بەناو بانگترین وزانا ترینیان پەری خان خاتوون(Parikhan Khatun) بووبێ کە ڕێبەرایەتی تایەفەی ڕەمەن(Raman)ی هەتا کاتی پیری منالەکانی لە ئەستۆ بوو، یەکێ لە کوڕەکانی بەناوی ئەمین(سەرۆکی یەکێ لە هۆزە بەناو بانگەکان) بەناوی ئەمین پەری خان ناوبانگی دەرکردبوو،ئەوە دەیسەلمێنێ کە پەری خان خانم خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بووە لەبەرامبەرمێردەکەیدا. یەکێکی تر لەم ژنە حاکمە دەسەڵاتدارانە شەمسی خاتوون(Shamsi Khatun) لە خێڵی ئامەریان(Umaryan) بووە، ئەو پاش شوویەکەی بەناوی محەممەد، سەرۆکایەتیخێڵەکە لە ئەستۆ دەگرێ و تا ئەو کاتەی کوڕەکەی (ئەویش ناوی محەمەد بوو) گەورە دەبێلوتکەی دەسەڵاتی لەدەستدا دەبێ، کوڕەکەی ئەویش هەر زیاتر بەناوی محەممەد شەمسیناوبانگی دەرکردبوو، نەوەک محەممەد محەممەد، دواین نموونە کە عەنتەر ئاماژەیپێدەدا، دایکی خۆیەتی بەناوی فەسڵە خاتوون(fasla Khatun) کە ماوەی چل ساڵسەرۆکایەتی خێڵی تەمیکا (Temika)ی لە ئەستۆ بوو هەتا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٦٣ کۆچیکرد، عەنتەر لەسەر ئەم باوەڕەیە کە دایکی لەیەکەم ڕیزی ژنان بووە، لەکاتیموختاریەتی(Mukhtar) (ڕێبەرایەتی هەڵبژێردراوی لادێیی تورکیا)، هەروەها هیچپیاوێکی شیاوی نەدۆزیوەتەوەکە بتوانێت جێگری بێت، عەنتەر بەبینینی ئەو ژنانەی کەتەنیا پاش کۆچی هاوسەرەکانیان دەبوونە سەرۆکی خێڵەکەیان دەڵێ: "ئەوانە پێگەکەیانتەنیا و تەنیا لەبەر پلە بەرزی مێردەکانیان بووە، ئەولیا چەڵەبی(Evliya Chelebi) دەڵێ: "ژنانی حاکم پێگە و جێگەیان لەبابیانەوە بە میرات بۆ بەجێ ماوە و مەمنوونیبابیانن و هەموو دەمێک دەسەڵاتێکی پیاوانە لە پشتیانەوە بووە، تا ئەو جێیەی ئەمنزانیاریم هەیە هیچ ژنێک لە بنەماڵەیەکی فەقیر و نزم ڕا نەیتوانیوە لەژێر سێبەریهەوڵ و کۆششی خۆی بگاتە پلە و پایەیەکی بەرز، لە حاڵێکدا نموونەی ئەو جۆرە پیاوانەزۆرن" ، بەهەر حاڵ بەپێی ئەوەی گوترا نابێ نکۆڵی لەو ڕاستیە بکەین کە تەواوی ژنانیباسکراوی حاکم و دەسەڵاتدار بەناو و شۆرەتی خۆیان ناوبانگیان هەبووە نە بەناویمێرد،یان بابیانەوە، خاڵێکی ڕوونی دیکە ئەوەیە کە ئەم جۆرە ژنانە مێردەکانیان لەژێرسەیتەرەیاندا بوون و کوڕەکانیشیان زیاتر بەناوی دایکیانەوە بانگ کراون، تاوەکیبابیان. ئیحتیماله بگەینە ئەم ئاکامە، کاتێک ژنێک گەیشتۆتە پۆست و دەسەڵاتێکی بەرز(کە تەنیا لە ڕێی بنەماڵە یان زەماوەند یان هەردووکیان بووە) وێدەچێ خاوەنیجنسیەتێکی سالم و بێ عەیب بووبێ، هەروەها هاوکات لەناو پیاوانیشدا کەسانێکی بەتواناهەبووە، بەڵام ژنەکە توانیویەتی بەهۆی ڕاگرتنی کەسایەتی خۆی بەبەرزی بگاتە ئەم هێزو دەسەڵاتە، پیاوان بەهۆی ئەوەی ئەم ژنانە لە بنەماڵەیەکی سەروتر و بە ئەسڵ ونەسەبتر بوون دەبوونە فەرمانبەریان، چونکە لەلای ئەوان ئەسڵ و نەسەب گرنگترە لەجنسیەت، کە هەڵەکە لێرەدایە، هەر بۆیە زۆربەی نووسەرانی کورد تووشی ئەم هەڵەیەدەبن، (لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بیرێکی کوێرانە بە نسبەت جنسی ژنەوەکە گۆیاکەمترە، هەیە) سەیر ئەوەیە کە ژنانی خاوەن دەسەڵات دەتوانن زۆر کار بکەن کە ئەگەرژنانی ئاسایی بیکەن، ئەوە گوناح و تاوانێکی گەورەیە، دوو باس کە یەکەمیان مێژوویی وئەویتریان ئەفسانەیە زیاتر ئەم مەسەلەیەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

ئەویندارێکی پاکو بێباک

ئێزیدیەکان وەکوو کۆمەڵێکی ئاینی و مەزهەبی غەیری ئیسلامی کە لەبەشێکیگەورەی کوردستان دەژین، بریتین لە چەندین خێڵ و عەشیرەت، ئێزیدیەکان ئاینێکیتایبەتیان هەیە بەوێنەی سیستەمێکی دینی، بەرزترین پلەی ئەم ئایینە، کە نەسلێک لەشوول بەگەکان(Chol Beg) پاراستوویانە و لەژێر دەستیان دایە، دەدرێتە کەسێک کە پێیدەڵێن میر(Mir)و دەسەڵاتی سەروو لەناو ئێزیدیەکاندا بەوە و پێویستە میر هەر لەمبنەماڵەیە(Chol Beg) بێ. لە ساڵی ١٩١٣ تا ١٩٥٧ ئەو شوێن و جێگەیە لەلایەن ژنێکەوەبەناوی (میعان خاتوون) (Mayan Khatun) پارێزرابوو (بەڕێوە دەچوو) دەگوترا کە ئەوبەهێزترین سەرۆکی ئێزیدیەکان لە ساڵانی ڕابردوودا بوو، ئەو سەرەڕای ئەوەی دوایمەرگی هاوسەرەکەی بوختان و قسەی زۆریان وەدوو خست، توانی بگاتە ئەم پۆست ودەسەڵاتە، میعان خاتوون بوو بە جێگری مێردە پیرەکەی، کە لە ساڵی ١٩١٣ بەهۆیکارەساتێکی گوماناوی و مەرگێکی نا تەبیعی گیانی لەدەست دا(ناوی عەلی بەگ و میریپێشوو بوو). گەلێک هۆ و دەلیلیان بۆ مەرگی عەلی بەگ باس کردووە، کە یەکێک لەوانعەشقی ناشەرعی نێوان میعان خاتوون و سەرۆکی خێڵی موسلم دۆسکی(Muslim Doski) بەناویسەفەر ئاغا(Safar Aga) بووە و دەڵێن سەفەر ئاغا شەوێ کاتی کوژرانی عەلی بەگەماڵیان بووە، تاقمێ لە کەسانی خەراپ و بیر تەسک و ئاژاوەچی بڵاویان کردەوە کەمیعان خاتوون چاو پۆشی لەم کارەی سەفەر ئاغا کردووە، هەڵبەت ئەم باس و خواسانەپەیوەندی بە ئێمەوە نییە. ئەوەی کە گرنگە باس بکرێ ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئێزیدیەکانمیعان خاتوونی بێوەژنی وەکوو حاکم و ڕێبەر قبوڵ کرد، کاتێ کوڕەکەی بەناوی سەعید بەگگەورە بوو، میعان خاتوون دەسەڵاتی لەدەست نەدا. سەعید کوڕێکی بێ دەسەڵات بوو،تەنانەت دایکی بە ئاشکرا دەیشکاندەوە، میعان خاتوون پاشان بوو بە گاردی کوڕەگەورەکەی بەناوی تەحسین کە ببوو بە میر. میعان خاتوون هەتا کاتی مەرگی (ساڵی ١٩٥٧) لە لوتکەی دەسەڵاتدا مایەوە و ببووە هۆی سەرسوڕمان، سادق دەملووجی(Sadig Damluji) کە عەرەبێکی عێڕاقی و لە ئەفسەرانی پێشووی عوسمانیەکان بوو، ماوەی چل ساڵ لەگەڵکۆمەڵگەی ئێزیدیەکان لە پەیوەندیدا بوو، ئەو سەبارەت بە میعان خاتوون (ساڵی ١٩٤٩) دەنووسێ" ئەو بێوەژنە ڕۆشنبیرێکی زۆر تێگەیشتووە کە خەڵک حسابی لەسەر دەکا و ڕێزیلێ دەگرێ، زیبک و دەمار و دەسەڵاتێکی لە ڕادەبەدەری هەیە و هیچ کەس توانای بەربەرەکانی لەگەڵ ئەودا نییە، هەموو ڕێزی ئەویان لەبەرە و بە نەبوونی پەرۆشن، ئەولەخۆرازی و بەدەعیە و خۆپەرستە، بەڵام کاتێک کەسێک دەچێتە بینینی گەورەیی و نەجیبیکرداری ئەوی بۆ دەردەکەوێ، ئەو پیاوانی بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی پێ سوک و ڕەزیلە ورقی لێیان دەبێتەوە، میعان فێڵ زان و فێڵ باز و بێوەفایە و ڕکەبەرەکانی زۆربێڕەحمانە دەکووژێت، ئێستا ئەو ڕێبەرێکی شیاو و بە زیبکە کە هەم دەبەخشێ و هەمدەستێنێ، هەم پاداشت دەدا و هەم سزا، هەم ئیزن دەدا و هەم قەدەغە دەکا، بەهەر حاڵێەو وەک باشترین کەس دێتە بەرچاو، بیر کردنەوە لەوەی کە پاش مەرگی ئەو چ دەقەومێگەلێک دژوارە، بیهێنە بەرچاو کە ژیانی ئەو ڕوو لە کۆتاییە و هەموو شتێکی جگە لەبیرو زەینی بەرەو پیری دەڕوا، ژنێک بە پێگە و شوێنە تایبەت مەندیەکانی میعان خاتوونەوەبە ئاشکرا لەسەروی داوەری و حوکمی چین و تویژە عادیەکانەوەیە هەروەکی لەسەرێ باسکرا. تاقمێ لە نووسەرانی هاوچەرخ لە بەریتانیا ئەم کارانەی ئەو بە سیفەتە هەرەباشەکانی ئەو لەقەڵەم دەدەن و دەیهێننە ئەژمار، حوکمڕانی ژنانی بە زیبک و دەمار لەفۆلکلۆری کوردیشدا دەست دەکەوێت، لە ئەفسانەی بەناوبانگی زەمبیل فرۆشدا، ژنێک لەبەرامبەر پیاوێکی خێزاندار و جوان چاکدا عەشقی جنسی خۆی بە ئاشکرا دەردەبڕێ ،قارەمانی چیرۆک پیاوێکی فەقیر و بێ پارەیە بەناوی زەمبیل فرۆش ، گەلێک شار دەگەڕێبۆ فرۆشتنی ئەو زەمبیلانەی کە خۆی و خێزانە وەفادارەکەی پێکەوە چنیویانە، زەمبیلفرۆش لە ڕاستیدا کوڕی حاکمێکی دەسەڵاتدارە کە پاش مەرگی باوکی لەگەڵ ژیانی کۆشکنشینی ماڵ ئاوایی دەکا و بەبیر و ئەقڵ ژیانی دەروێشانە دەگرێتە بەر، زەمبیل فرۆشلەگەڵ بنەماڵەکەی پاش دەر بەدەریەکی زۆر دەگاتە پایتەختی ئیماراتی کورد، خاتوون،ژنی حاکم، بەبینینی زەمبیل فرۆش عاشقی دەبێت، کەسێک بەشوێنیدا دەنێرێت، هەتاکووبێتە کۆشک زەمبیلەکانی پێشان بدات، خاتوون، زەمبیل فرۆش لە عیشق و خۆشەویستی خۆیبەرامبەر بەو دەگەیەنێ و پێشنیاری دەست تێکەڵ کردنی پێدەدات، زەمبیل فرۆش بەئەدەبەوە ڕەتی دەکاتەوە و دەڵێ" من پیاوێکی تۆبە کارم و ئەرکی بنەماڵەم لەسەر شانە،خاتوون تەواوی ماڵ و سامانەکەی پێ پێشنیار دەکات، بەڵام زەمبیل فرۆش هەروا سورەلەسەر قسەکەی خۆی، خاتوون ئەوی لەناو کۆشکدا زیندانی کرد بەڵام زەمبیل فرۆش بەڕاکردن لە سجن خۆی دەرباز کرد، لەدەست دانی وەها خۆشەویستێک ڕەنج و خەمێکی زۆری بۆخاتوون بە دیاری پێبوو، خاتوون نەیدەتوانی وێنەی زەمبیل فرۆش لەمێشکیدا فرێدا وبیری لێنەکاتەوە، ئیدی هیچ شتێک لە دنیادا بۆ ئەو بایەخی نەبوو، سەرەنجام قیافە وشکڵی خۆی گۆڕی و دەستی کرد بە گەڕان لەناو شاردا، ماڵەکەی دۆزیەوە و لەگەڵ ژنەکەیباسی کرد، خاتوون بە زێڕ و پارە و فیڵ توانی ژنی زەمبیل فرۆش ڕازی بکا هەتا شەوێکماڵەکەی بۆ چۆڵ بکا و جلەکانیشی بە ئەمانەت بداتێ، زەمبیل فرۆش پاش تاریک بوونیوڵات دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ و خاتوون لە جلی خێزانەکەیدا بەرەو پیری دەچێ و دەیباتە ناوجێگەوە، زەمبیل فرۆش کاتێک هەست دەکا کە پاوانەیەکی زیو بەلاقی ژنەکەوەیە تێدەگا کەئەوە ژنەکەی خۆی نییە، بۆیە بە ناسینەوەی خاتوون ڕادەکا، بەڵام خاتوون دەکەوێتەشوێنی، زەمبیل فرۆش لەوپەڕی ناچاری و ناتواناییدا (لەدەستی خاتوون) پەنا دەباتەبەر خوا و داوای لێ دەکا کە ڕوحی بەرێتەوە، دوعاکەی قبوڵ دەبێ و گیانی لەدەست دەدا،خاتوونیش لەخەم و پەرێشانی و نائومێدی عەشقەکەی و نەگەیشتن بە خۆشەویستەکەی، ڕوحدەدا و دەمرێ، خەڵک ئەوان لە تەنیشت یەکتر بە خاک دەسپێرن. ئەگەر چی خاتوون وەکووژنێکی قارەمانی ئەو داستانە بە ئاشکرا لە بواری ناموسەوە کەسایەتی لەمەترسی دایەبەڵام یەکێ لەلایەنە بەرچاوەکانی داستان دڵسۆزی و ڕوحم و بەزەیی ئەوە، هەستەئاگرینەکانی ئەو بەرامبەر بە زەمبیل فرۆش، لە چوارچێوەی وشە گەلێک بە ڕەنگ و بۆنیعارفانە دەربڕدراوە، کە جەخت لەسەر وێچوونی هەوڵی ڕوحی زەمبیل فرۆشە، هەردووکیانکۆشکەکانی خۆیان کە زەمانێک ژیانیان تێدا بەسەر بردووە جێ دێڵن و جلی تاج و تەختدەگۆڕنەوە بە جلی ئاسایی و دەکەونە شوێن ئەویندارەکەیان. لەبەشی ئاخیردا هەردووکیاندەگەنە یەکگرتنەوەیەکی خوازراو، بەهەر حاڵ ئەوە خاتوونە کەلەتەنیشت زەمبیل فرۆشبەخاکی دەسپێرن، نەوەک هاوسەرەکەی. بەو پێیە لە ڕوانگەی باوی کۆمەڵگاوە خاتوونبەهۆی تەسلیم بوونی بێ غەرەز و بێ غەل و غەشی خۆی بەعەشق، شیاوی ئەوەیە کە بگاتەزەمبیل فرۆش و تێکەڵی بێت، حوکمە عادی و ئاسایی یە ئەخلاقیەکان، (ئەو جۆرەی کەکۆمەڵگایەکی سوننەتی و عەشیرەیی بۆ مرۆڤە ئاساییەکانی بەکاری دێنێ) بە نسبەت ئەمدوو ژنە دەسەڵاتدار و خاوەن پۆستە ڕادەوەستێ، ئەفسانەی بەناوبانگی زەمبیل فرۆش، نەئەخلاق و کرداری خاتوون بە ناپەسەند و بێجێ مەحکووم دەکا و نە بەباشیشی وەسف دەکات،سەبارەت بە میعان خاتوونیش ئەو باس و خواسانەی کە بە ناشیاویەکانی ئەو هەبوولەلایەن لایەنگرانیەوە چاوپۆشی لێ دەکرێ و بۆی دادەپۆشرێ، بەهەر حاڵ ئەوەی کەلێرەدا بۆمان دەردەکەوێ ئەوەیە کەئەگەر بلێین کوردەکان و کۆمەڵگای کوردی بە نسبەتژنانەوە بە کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیر لەقەڵەم دەدرێن تەواو لە هەڵە داین.

جارێکی تر یەکسانی ژنان

زۆربەی هەرە زۆری پیاوانی ناسیونالیستی کورد پێداگرن لەسەر ئەوەیکە ژنان لە پێشوودا و لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەگەڵ پیاوان خاوەنی مافی یەکسانی بوون،ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ژنانێک هەبوون کە پێگە و شوێن پێیەکی گەورەیان لە کۆمەڵگەیکوردیدا هەبووە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە، لە هەندێ لەبەشەکانی کوردستان ژنان لەچاو زۆربەی بەشەکانی ئاسیای ناوەڕاست جۆرێک ئازادیجووڵەییان هەبووە، بەڵام ئەوە گومانی تێدا نییە کە ئەم جۆرە ئازادی یە لە تەواویکوردستاندا نەبووە، مووسا عەنتەر کەلەسەرو باسی بەشێک لە بابەتەکەیمان سەبارەت بەژنانی حاکمی خێڵەکان و مافی ئەوان کرد، بە ئەنقەست بە هێنانی هەندێ باسی پێکەنینیاوی(کۆمێدی)بابەتەکەی بەرەو دەلاقەیەکی دیکە واتا بەلاڕێدا دەبا و پێداگرە لەسەر ئەوەیکە ژنان جێگە و پێگەیەکی شیاو و خاوەن ڕێزیان هەبووە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لەدرێژەدا دەڵێ" ئەوەی زۆرترین ڕێزی بۆ ژنان هێناوەتە ئاراوە ئەوەیە کە ئەرکی پیرۆزیمنداڵ بوونیان لە ئەستۆیە(ئەویش بە شێوەی منداڵانێکی زۆر)". هەروەک ئەوەی کەئەفسەرێکی نیزامی و عەسکەری بەهۆی مەدالیاکانیەوە دەبێتە جێگەی شانازی، ژنی کوردیشبەهۆی منداڵە زۆرەکانیەوە ڕێزی لێ دەگیرێ. نووسەرێکی کوردیش (وێدەچێ ژن بێ) بەناوئیئف کاراهان(F. Karahan) بەباسێکی دوور لە سوحبەت و جەفەنگ و زۆر بە ژان و ترسێنەرباسێکی تازەی بێ سوودی سەبارەت بە جێگەی بەرزی ژنان، لەچاپ داوە، لێکدانەوەیکاراهان ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەروەک زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگە عەشایەری وسوننەتیەکان ژنان لە جلی دایکایەتی و بێوەژنیدا ڕێزیان لێ دەنرێت نەوەک لە جلیکەسانێک کە بلێی مافی خۆیان بێت، ئەو ڕێزەی ژنان لەبەرامبەر خزمانی مێردەکانیان(مێرد، باوک، برا، تەنانەت کوڕ)پارێزراو نییە، ئەو فیلمانەی کە دەرهێنەری کورد(ئێلماز گۆنای)بەتایبەتی فیلمی سوورو (گەلە)ویۆڵ (جادە ، ڕێگا) کە براوەی خەڵاتیشبوون وێنەی خەفەت بار و پڕ لەداخ و کەسەر و پێگەی ژنان لە کوردستانی تورکیا نیشاندەدات، ژنان لەو فیلمانەدا ئارام و لەسەرەخۆ، فەرمانبەر و ڕەنج کێشاون و هیچپەیوەندیەکیان بە چینی بالاوە نییە و جگە لە دەسەڵات گەلێکی کەم نەبێت لە ژیانداخاوەن دەسەڵاتێکی ئەوتۆ نین، چارەنووسی ژنێکی خێزاندار لە فیلمی یۆڵ تەواو بەپێچەوانەی چارەنووسی خاتوونە لە زەمبیل فرۆشدا، ئەو ژنە (لەناو فیلمی یۆڵدا) کەلەزەمەنی مەحکوومیەت و زیندانی بوونی مێردەکەیدا گومانی زینای لێ دەکرێت، بە وێنەیحەیوانێک لەلایەن کەس و کاریەوە زیندانی دەکرێت تا ئەو کاتەی مێردەکەی دەگەڕێتەوە وتەسلیمی ئەوی دەکەن تا بیکووژێت، مێردەکەی لە یەکێک لە دراماتیکترین گرتە وپلانەکانی فیلمدا پاش دوو دڵێکی تەواو بڕیاری کوشتنی دەدا، لەهەر حاڵدا سەیر ئەوەیەکە تەنانەت دەرهێنەریش هیچ ڕێگەیەک بۆ زیندوو مانەوەی ژنەکە نادۆزێتەوە و بەپێچەند هۆیەک مەرگی ئەو بە ناچار و ئیجبار دەزانێت.

نووسینی: مارتین ڤان براونێسن

وەرگێڕانی: جەمال پوورکەریم

سەرچاوە: گۆڤاری زیلان
cemal_purkerim@yahoo.com

رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز:
ڕێکار ئەحمەد

سەرنووسەر:
حوسێن حەسەن

ژمارە تەلەفۆنی خاوەنی ئیمتیاز:
٠٧٥٠١١٩١٤٩٧

ژمارە تەلەفۆنی سەرنووسەر:
٠٧٥٠٤٤٧١٦٣١

ئۆفیسی سلێمانی
گەڕەکی ڕزگاری،
نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم،
بەرانبەر زانکۆی ئەمریکا،
ژمارەی تەلەفۆن ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

ئۆفیسی هەولێر
شەقامی شەست مەتری
گەڕەکی ڕزگاری
نزیک ئاسایشی گشتی
ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٧٩٨٤٦

ئۆفیسی کەرکوک
حەسیرەکە،
بەرانبەر نەخۆشخانەی ڕزگاری،
ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠

ئۆفیسی ڕانیە
شەقامی نالی،
بەرانبەر گەراجی نەورۆز
کتێبخانەی ڕۆژی گەل
ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٦٣٨٠٥

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com